ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

No: ٣٣ :ژمارە

Data: ٢٠١٥/٩/١٥ :ڕۆژ

# بڕیاری ژمارە (٣٣) ی ساڵی ٢٠١٥

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە کۆبوونەوەی بیستەمی خۆیدا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، لە ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٥، بە سەرپەرشتیی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و بە ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتیی و (٢٧) ئەندام، لە کۆی (٣٢) ئەندام، بەدەنگی (٢٥) ئەندام، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشە کارگێڕییەکانی هاووڵاتیان لە سنوری قەزای شارەزوور، بەپشتبەستن بە مادەکانی (٥)و (٦ بڕگەکانی ٦ و ٨و ١٣) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، بڕیاریدایە:

١. پچڕاندنی ئەم فەرمانگەیانەی خوارەوەی قەزای شارەزوور، لە پارێزگای هەڵەبجەو بەستنەوەیان بە پارێزگای سلێمانییەوە:
   - فەرمانگەی ڕۆشنبیری.
   - فەرمانگەی کارەبا.
   - فەرمانگەی جێبەجێکردنی شارەزوور.
   - دادنووسی شارەزوور.
   - پاریدەدەرێتیی ئاسایشی هەڵەبجەی تازە.
   - نەخۆشخانەکانی قەزای شارەزوور.

٢. پارێزگای سلێمانی و قائیمقامیەتی قەزای شارەزوورو بەڕێوەبەرێتییە پەیوەندیدارەکان بەهەماهەنگیی لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا ئەم بڕیارە جێبەجێدەکەن.

٣. ئەم بڕیارە لە دوای (١٥) ڕۆژ، لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کارپێدەکرێت.

لە سلێمانی نووسرا، لە ڕۆژی (١٥) مانگی (٩) ساڵی (٢٠١٥)دا

**د.هەڤاڵ ئەبوبەکر**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی**

ناونیشان: سلێمانی / ڕێگای سەرەکیی سلێمانی – تاسلوجە / نزيك پردی قلیاسان

email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176
www.slemanipc.org